### هه ناسه یەکی تاساو

ئەوه دیسان شەوگار هاتوو
ژورەکەم خەم دای ئەپۆشێ
بە هەر لایەک چاو دەگێرم
خەیاڵ وێنەی تۆ ئەکێشێ
#        #        #
هه ر چەند دەکەم گریانیشم
سه بووری دڵ ناداتەوه
گه ر تۆ نه بی دڵی ساوام
بە هیچ کەس ژیر نابێتەوه
#        #        #
ده تۆش وەرەو لە باوەشتا
تە نها جارێک بم لاوێنه
باوەشی تۆخە ڵوەتگایەو
ماڵی منەو مەی شێوێنه
#        #        #
توخوا وەره لە پێش ئه وەی
ڕۆح لە جەستەم بێتە دەرێ
بمکە بە کۆرپەی ئامێزت
لە جێگای شیر ماچم بەرێ

عمران خمبار

### ناز

نازی تۆ بوو وای لێ کردم
خۆشه ویستیت بوو بە دەریا
منش بووم بە دره ختێک و
چرۆم ده کرد لە کە ناریا
#        #        #
نازی تۆ بوو بۆ یه کە م جار
ده رگای عه شقی لێکردمەوه
منیش بە شنه ی هه ناسەت
وه کوو گوڵێک گه شامەوه
#        #        #
نازی تۆ بوو بە ئاسمان و
منیش بووم بە ئه ستێره کان
هه موو شه وێ لە باوەشتا
ده خه وتم تا ده مەو بە یان
#        #        #
هه ر نازت بوو وای لێکردم
پێکی دووریت ئه خۆمەوه
لە جێی باڵێ هه ناسەی خۆت

**په ردەی ڕەشت پێدامەوە**

عمران خمبار
omran_xember@yahoo.com

